# با دۆزی نیشتیمانیی لە (پ.ک.ک) دا بچووک نەکرێتەوە

سیروان بابەعەلی/ ئەڵمانیا



گەل، گەرێنە (مۆتۆڕ) ی گۆڕانە... ئەو کاتەی گەلێک ئامادەدەبێت کە دۆزی نەتەوەیی - نیشتیمانیی لەچەمەری پارتێکی ڕامیارییدا کە پاشان دەسەڵات پەیدادەکات بچووک بکاتەوە، ئیتر هەڤبوونی کۆمەڵایەتی تاکەکان شەقڵێکی دی وەردەگرێت... گەل ئیتر دەبێتە "پێ" یە کانی دەسەڵات و دەبێت بخرێتە نێو پێڵاوە تاکپێوانەکانیەوە... "تاک" ە ساویلکەو مەڕەکەرەکان بەپەڕۆو پاتاڵ زل دەکرێن هەتا پێڵاوەکان پڕبکەنەوە... وە ئەگەر بۆی بلوێت کەسە ڕکابەرو نەتەوی (مخالف) و یاخییەکان دادەتاشێت تا بخزێنە ناو پێڵاوەکانیەوە!

زۆربەی ئەو میللەتانەی گیرۆدەی پووچاندنەوەو کارەسات و تراژیدیای ڕامیاریی - ئابووری بوون، دواجار مارانگازو داهێزاوی قەتیسکردنی پرسێکی چارەنووسساز بوون لە بازنەی دیدگای تەنها (کەسێک، پارتێک، بزوتنەوەیەک)...

تەنانەت پارتی (نازیی) ئەڵمانیا، کە مۆراڵی "تاکی کۆمەڵگا" ی زامدار بە بەرژەنگی نوشوستیی و شکستەکانی جەنگی جیهانیی بەوە سارێژ دەکرد؛ کە هەستی "باڵابوونی ڕەها" لەکەسێتی ئەو "تاک" ەدا ڕەگاژوو بکات وە گەردوونبینیەکانی بەرەو ڕەهەندی زاڵبوون بەسەر نائەڵمانەکاندا دابڕێژێتەوە، هەرچەندە کاریگەریی قەبەی لەسەر بوژاندنەوەی ڕەوشی ئابووری و هەستانەوەی کۆمەڵگا کرد... بەڵام دواجار لەئەنجامی لەڕادەبەدەر گەورەکردنی ئاستی داواکان و بچووکترکردنەوەی چوارچێوەی پارتەکە لە ئەنجامی تاکئەلتاری و تاکهزری و تاکهەڵوێستی، جگە لە لەناوچوونی ملیۆنان کەس و بەفیڕۆبردنی سامانێکی زۆری مرۆڤایەتی، لە ناوخۆی ئەڵمانیایش گەورەترین کارەساتی لێکەوتەوە...

نزیکترین نموونەی بچووککردنەوەی دۆزی نیشتیمانیی لە چوارچێوەی پارت و تەڤگەری ڕامیارییدا بۆ ڕەوشی ڕامیاریی کورد لە باشووری کوردستان، لەجەستەی کورد خۆیدایە، کە دواجار لە چەمەری دوو زلپارتی هاوئاکاردا قۆرغ دەکرێت و ئەو بەرژەنگانەی لێدەکەونەوە کە لای هەمووان ئاشکران...

تاک ی کورد لە باشووری کوردستان مافی خۆیەتی، (کوردبوون) وەک "شانازیی نەتەوەیی" وەرنەگرێت، لەبەر چەند هۆیەک:

یەکەم؛ کۆمەڵگای کوردیی وەک هەر کۆمەڵگایەک وابەستەیە بە کۆمەڵێک ئایدیا و هزر و تێڕوانینی چوونیەک و لێکجودا و دژ ، کە لە زەمینەی شرۆڤەو پاساوی جۆراوجۆرەوە لەپرسی نەتەوەیی - نیشتیمانیی ڕادەمێنن... واتە میتۆدی پنتەکانی هەڵوێست (ڕاستڕەوی کۆنەپارێز - ڕاستڕەوی نەتەوەیی - ڕاستڕەوی مۆدێرن - چەپ - پانچەپ - چەپی نەتەوەیی - ئایینیی - ئایینیی فۆندەمێتال - ئایینیی ناموسوڵمان - جۆرەها ئایدیای وەک ئاتایست و بوونگەرو....تاد) زۆربەیان لەیەک جودان.

دووەم؛ "شانازیی نەتەوەیی" بەرەو هەڵدێری نەتەوەپەرستیی کوێرانە دەڕوات، بەرهەڤی دەمارگیریی نەتەوەیی دەکات، کە ئاڕاستەی چاوڤینیزم و دواتر ڕاسیزم دەگرێت و "ڕەوان ی نەخۆش" ی نەتەوەیی لە نموونەی کۆمەڵگاکانی تورک بەپلەی یەکەم و دوایی عەرەب و گەلانی تری لێدەکەوێتەوە... ئەمە لەکاتێکدا کە "ناسیۆنالیزم" بە ڕاڤە بۆرژوازیەکەی ڕۆژئاوا دەکاتە نیشتیمانپەروەریی و گوتاری مۆدێرن بۆ خاوەندارێتی خاک و مافە فەرهەنگیی و ڕامیاریی و ئابووریەکان، کە مەرجی بنەڕەتی گەشە و کامڵبوونی ژێرخانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ناسنامەپێدان و ئاڕاستەکردنی گەلانە بەرەو ئاسۆی مرۆڤدۆستی و جیهاننیشتیمانی...

سێیەم؛ زۆربەی ئەوانەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان شانازیی بە (کوردبوون) ەوە دەکەن، داکۆکیی مانەوەی جۆرێک لە مشەخۆریی پێدەکەن... لەوجۆرە (کوردبوون) یە کە دوو زلپارتەکە بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی کردوویانەتە ڕووپۆشی ژیانی پیسخۆریان لەنێو خانە زامدارەکانی جەستەی داهێزاوی کۆمەڵگاو، بە "نەتەوەخوازیی درۆینە" نان بەڕۆنی تواوەی ئەوجەستەیەوە دەخۆن... لەکاتێکدا بەدەر لەو جەستەیە ئامادەنین ئەگەر نەناسرێن لەبەردەمی دوژمنان، نەک کوردایەتی... تەنانەت کوردیش بن!

لەبەرئەوانەیە کە نکۆڵی "شانازیی کوردبوون" نەک هەر نەنگیی نییە، بەڵکو دروست و مرۆڤخوازو پاساوداره.

بەڵام زێدە گرنگە کە تاک ی کورد "کوردبوون" وەک سێکوچکەی (نکۆڵی نەکردن لەو بوونە - بەرپرسیاریەتی بەرامبەر ئەو بوونە - نیشتیمانپەروەریی بۆ نیشتیمانی کورد) لەئەستۆ بگرێت...

ئەوە ڕاستە کە "کوردستانی بێ کورد" هەروەک "کوردی بێ کوردستانە" و دەسەڵاتی مافیاکانی کورد لەسەر ئاستی کارەکتەری تاک بەردەوام کار لە بێ کورد کردنی کوردستان دەکەن... وە تاک گەیشتۆتە مۆراڵێک؛ کەئەگەر لە زێدی خۆی بەوشێوەیە بچەپێنرێت و کار لەسەر سڕینەوەی کارەکتەری بکرێت ئەوا "خاک" بۆ ئەو کەسێتییە هیچ واتاو ئەرزشێکی نابێت...

بەڵام هێشتا دەبێت هەمووومان لەپرسی نیشتیمانپەروەریدا لەڕووی سایکۆلۆژییەوە، مۆراڵی خۆدانەگومان (إتهام الذات) خەفە بکەین، وە لە پرەنسیبی "باشوور بەشێکی بچووکی کوردستانە" و لە سۆنگەی "گەلی بێ ناسنامە بەرامبەر شەپۆلی جیهانگیریی تەنگەتاو دەبێت" هەنگاو هەڵبنێین...

ئێمە ئەرکە لە ئەستۆمان؛ تەنانەت ئەگەر بەهەستی "ناچاریی کوردبوون" یش بێت، بە پێچەوانەی شانازیی درۆینەی مشەخۆران، لەهیچ کونجێکی ئەم جیهانەو لەنێو هیچ کۆمەڵگایەک ((بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵگای نەتەوەی سەردەست)) نکۆڵی لە کوردبوون نەکەین و هەستی بەرپرسیارێتی و بەرگریی بۆ دۆزی نەتەوەیی - نیشتیمانی لەدەست نەدەین...

ڕووناکبیری کورد (عوسمان سەبری) دەبێژێت: {گەل وەک دەریایەک ئاوی مەنگە، هەرئەوەندە لەلایەکەوە کەلێنی تێکەوت هورووژم دەکات}... یاخود دەڵێت: {وەک ڕانەمەڕی لای جۆگەیەکە کە ناوێرن بپەڕنەوە، هەرئەوەندە یەک دوانێکیان سەریان پێوەنا هەموویان بەدوادا دەڕۆن}...

لە ڕاپەڕینی خاکەلێو لە باشوور؛ گەل بە هورووژمکردنی تابلۆیەکی ڕیالیستی هێندە پڕسەرسامیی وێنەکرد، هەرچۆن پۆلە باڵندە بەبێئەوەی بە ئاڕاستەیەکدا ڕۆشتبن و بیریان لێکردبێتەوە، بەهۆی نەست (لاشعور) و کۆمباسی بایۆلۆژی نێو لەش، پەیوەست بە جەمسەرە ماگنێتیەکانی گۆی زەوی و جێگای ئەستێرەکان، دوورترین ڕێگا دەبڕن و گەرمێن و کوێستان دەکەن، ئاوا ڕەوەکورد لەڕاپەڕین دەکەوتنە ڕێ!

لە ساڵی 1995 ، تاڵەبانی و کۆنگرەی نیشتیمانیی عێراق " INC " ، سیناریۆی بەرەنگاربوونەوەی ئەگەری لەشکرکێشیی ڕژێمیان سازدا... نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕژێمی عێراق و پارتی، دەنگۆی مۆڵکردنی سوپایان بەدرۆدەخستەوە... هەموو پارتە ڕامیارییەکان جگە لە پارتی بەشدارییان تێداکرد... دواتر بزوتنەوەی ئیسلامی بە پاساوی چاووڕاوی تاڵەبانی و ناڕاستیی هەواڵی مۆڵکردنی سەربازو تانکی ڕژێم وەک ئەوەی یەکێتی پڕوپاگەندەی بۆدەکردو لەسەر داوای پارتی کشایەوە... پارتی کە بەکڵاولەسەرنان و لەشکر سازدانەوەی دژی پارتی و کوردایەتی پێفرۆشتنەوەی دەزانی هەڕەشەی دەکرد... لەڕاستیشدا ئێمە لەبەرەکانی شەڕ جگە لە تۆپ و خومپارەبارانی چڕی ناوچەکان کە لەئەنجامی کۆبوونەوەی هەزارەها پێشمەرگە ڕوویاندا، هەستمان بەئەگەری هێرشی سەربازیی ڕژێم نەدەکرد... سەرەڕای ئەوانەیش چوونکە سیناریۆکە بۆ میللەت بۆنی بەرەو کەرکوکی لێدەهات، نەستی نەتەوەیی بەرەو ئەوێی دەبردن... خەڵک پۆل پۆل تێکەڵ بە هێزی پێشمەرگە دەبوون... دایکانی سلێمانی بە پیکاب ناوساجی و بابۆڵەی هێلکەیان دەنارد... لەقۆڵەکانی (چەمچەماڵ و قەرەهەنجیر و کفری و ئاڵتون کۆپری و مەخمورو دیبەگەو کولەجۆو هێڵی قوشتەپە

- پردێ....تاد) چالاکی زۆر مەزن دژی ڕژێم ئەنجامدران... یەکەم شەهید پێشمەرگەیەکی "حسک" بوو... لەهەموو لایەنەکان شەهیدو بریندارى زۆر هەبوو... دوایی تاڵەبانی هەر چۆن سیناریۆکەی سازدا ئاوەهاش فیکەی کۆتایی لێدا... ئەوە لەکاتێکدا ئەگەر سیناریۆی تاڵەبانی و " INC " نەبوایە، وە خواستی ڕامیاریی لەڕاستیی و مکورییەوە نزیک بوایەن بەئاسانی کەرکوک دەگیرا !

لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی عێراق (بەتایبەتی ئەوەی یەکەم)، سەرەڕای ئەوەی گەندەڵیی دەسەڵات گشت تخووبە ڕەوشتییەکانی تێپەڕاندبوو، دەمانبینی چۆن خەڵک بەلێشاو دەبوونە دڕکی ژێر پێی ناحەزان و هەست و ڕۆمەتی بریندارى خۆیان دەچەپاند، وە بە شایی و لۆغان بەرەو بنکەکانی دەنگدان دەچوون... تەنها لەبەر ئەوەی لەپاشان ویژدانی نەتەوەیی - نیشتیمانیی ئازاریان نەدات... ئەوکەسانەی کە هێندە مۆراڵیان کەنەفت بوو نەیانتوانی هەست و ڕۆمەتی بریندارىان بچەپێنن و نەچوونە دەنگدان، دوایی لەسۆنگەی ئەو ویژدانە بەئازارەوە سایکۆلۆژیایەکی وەهایان تێداخولقا، بەردەوام بەحەسرەتەوەن کە دوو زلپارتەکە زیاتر ڕۆبچن و دابوەشێن، هەتا لە دادگای ویژدانیان پاساوێکیان بۆ هەڵوێستی ڕابوردوویان بەدەستەوە بێت!

ئێمە سێبەری نیشتیمانین؛ ڕابکەین ئەو بەدوامانەوەیە... ڕاوی بنێن دوای دەکەوین... مەحاڵە لەیەکتر ببینەوە!

ئەمڕۆ پرسی لەشکرکێشی ڕژێمی تورکیا لەگۆڕێدایە... تورانیزم لای "تاک" ی تورک، هەر لە دامەزراندنی میرنشینی عوسمانی لە 1299ز ەوە تا ئەمڕۆ هەموو قۆناغەکانی ڕەگەزپەرستیی کلاسیک و دەمارگیریی و شانازیی نەتەوەیی و چاوڤینیزمی تێپەڕاندووە... ئەو نەتەوەخوازییە ئەمڕۆ لە ناچیزترین جۆری ڕاسیزمدا خۆی پێناسەدەکات...

مەگەر ڕژێمی (پۆل پۆت لە کەمپۆچیا) وەک تۆرانیەکانی کردبێت؛ کاتێک لەنووسیندا پیتەکانی "W, X, Q" لەبەرئەوەی سەر بە ڕەنووسی کوردین و لەتورکیدا نین، قەدەغەبن!... کاتێک (عوسمان بیدیمیر) سەرۆکی شارەوانی "ئامەد" نامەی پیرۆزبایی جەژن بۆ سەرۆکی دادگا دەنێرێت و لەگەڵ زوبانی تورکیدا یەک ڕستەی ڕێزو پیرۆزبایی بەزوبانی کوردی بۆدەنووسێت، ئەو فەرمانی دادگایی کردنی دەردەکات!

نەژادپەرستیی لای تورک لەسەردەمی گرتنی کۆستانتینپۆل و شام و لابردنی خەلیفە متەوەکل و جێگرتنەوەی لەلایەن سوڵتان سەلیم ەوە وەهابووە... لەگێڕانەوەکانی ئیبن حەوقەل و میستەر ریچ (جێمس کلاودیۆس ریچ)....تاد خراپتر بووە... نەتەوەپەرستیی تورک لە پەڕتوکەکەی جەواهیر لال نەهرۆ (کورتەیەک لەمێژووی جیهان 1935) لە ئەوجدا بووە... ڕاسیزمی تورک لە کودەتای 1960و لابردنی دەسەڵاتی "مێندێرەس" لەلایەن "جەنەراڵ کمال گویرسێل" و ناوزەندکردنی ئەو بۆ کورد بە "تورکی چیا"، هەموو سنوورەکانی تێپەڕاندووە!...

هەوانتەنیە کە کورد کەسێکی وەک (ئیسماعیل بێشکچی) هێندە خۆشبوێت. لە کاتێکدا نزیکەی 50 ملیۆن تورک لەتورکیادا دەژین، کەچی سەدەها ڕووناکبیر و بەناوشۆڕشگێڕی وەک نازم حیکمەت ڕستەیەکیان لەسەر چەوساندنەوەی کورد نەنووسیوە!

پێویستە موسوڵمانانی کورد بزانن، کە "پارتی دادو گەشەپێدان" نوێنەرایەتی تورکە موسوڵمانەکان دەکات نەک موسوڵمانەکانی تورکیا... دەبێت بزانن کە گەرای ناوەندە ئیسلامییەکان تەنانەت پێش "پارتی ڕەفا" بەدەستی میت بۆ بەرزەفتی خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە ناوچە کوردنشینەکان دانرا...

هەلپەرستیی (ئۆپۆرتونیزم) و، سەرسەختیی بیروباوەڕ (دۆگماتیزم)، دوو دیاردەی دزێون کە دەشێت لە هەناوی ئایدۆلۆژیاوە ((هەر ئایدۆلۆژیایەک)) بێنەدەرەوە... ئەوەی یەکەم لە دەرەنجامی زیادەڕۆیی لە بەرژەوەندخوازیی (پراگماتیزم) دەردەکەوێت و ڕەوشی باو (دیفاکتۆ) بەتەواوی بەسەر هزرو میتۆدی نووسراودا دەسەپێنێت و دواجار خودی ئایدۆلۆژیاکە لە پرەنسیبەکانی دادەماڵێت و هەڵیدەوەشێنێت، وەک

نموونەی دوو زلپارتەکەی باشوور... وە یان ئەگەر نەیەوێت یان نەتوانێت خۆی لە بەستەڵەکبوون بپارێزێت بەرەو دۆگماتیزم دەڕوات و هزر بەسەر دیفاکتۆ و کات و شوێن دا زاڵدەکات و نموونەی زۆر لە پارتە کۆمۆنست و ئیسلامیەکانی لێدەکەوێتەوە...

ئایدۆلۆژیای ئیسلام لەنموونەی دووەمە، کە لەبەرئەوەی پشت بە چەند سەرچاوەیەکی پیرۆز دەبەستێت، بەڕاشکاوی و بەبێ سازش پرەنسیبەکانی پراکتیزە دەکات و لادان لە تێکستە پیرۆزەکان مەحاڵە... ئیتر هەر کەس و ناوەندێک لەو پرەنسیبە پیرۆزانە کە بە پلەی یەک و دوو (قورئان و سوننە) ن لابدات، هەر بە "داد" ی ئەو دەقانە دەچێتە خانەی گومڕاو زەندیق... دەبێت بەو پێیە کاتێک کە (پارتی داد و گەشەپێدان AKP )، لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت و تورانیزم، (زینا ـ زنا) ڕێگە دەدات و تابۆی ناکات ((بەو نموونەیە تەنها مەبەستم دووفاقی هەڵوێستە، نەک دەربڕینی بیروڕای خودی خۆم)) ئیتر ئیسلامیەکانی کورد چ دڵێکیان پێی خۆشە؟!

تورک لەساڵانی ڕابوردوودا لەژێرەوە لەهەوڵی ئەوەدابوون تاوانەکانی هەوڵی جینۆسایدی ئەرمەن بخەنە ئەستۆی کورد لەسەر دەستی کوردەکانی نێو "سوارەی حەمیدی" سەر بە سوڵتانی عوسمانی! کە خۆشبەختانە بۆیان نەچووە سەرو ئەو مێژووەی ڕۆژهەڵاتناسەکان و ڕوناکبیرانی ئەرمەن نووسیبوویانەوە ڕسوای کردن... ئەمە جگە لەوەی کە تورکیا بە ئاشکرا نەیدەتوانی ئەو باسە بخاتە ڕوو، چوونکە ئەوکارە دەیکردە ناساندن و سەلماندنی هەڤبوونی کورد بە پێچەوانەی ژاوەژاوەکانی خۆی! هەرچۆن لە ساڵی 1957 ئەوکاتەی (جمال عبدالناصر) لەدژی ئێران بەشی کوردی لە ڕادیۆی قاهیرە دەکاتەوە ((دوایی لە1964 لەسەر داوای عبدالسلام عارف دایدەخات))، باڵوێزی تورکیا دەچێت نارەزایی دەردەبڕێت، عبدالناصر پێی دەڵێت: چ پەیوەندی بەئێوەوە هەیە، کوا کورد لە تورکیا هەیە؟!

سامناکی تورانیزم لەداهاتوودا دەردەکەوێت؛ ئەوکاتەی پرۆژەی (گاپ) تەواو دەبێت و تورکیا دەسەڵاتی ئاوی فورات ((کە سەرچاوەو لە 40% ی لە خاکەکەیدایە)) لەمشت دەنێت و بەرزەفتی دەکات، ئەوکاتە گۆبەندی ڕاستەقینەی گەلانی ناوچەکە جگە لە ئیسرائیل ((لەبەرئەوەی سەرمایەی زۆری لە پرۆژەکەدایە)) دەست پێدەکات!

دەسەڵاتدارانی کورد دەبێت کار لەسەر "پشت بە گەل بەستن" بکەن... بەداخەوە ئەگەر دامەزراوەیەکی گەردوونیی گرنگی وەک ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، نەبوایەتە بۆرسەی سەودای ڕامیاریی زلهێزەکان، ئەوا بەپێی پەرەگرافێکی یاسا بنەڕەتیەکانی سەبارەت بە مافی گەلان کە دەڵێت: [هەرگەلێک بتوانێت بیسەلمێنێت کە فەرمانڕەوایەتیەک، کاروبارەکانی وەک پێویست بەڕێوەنابات و دەیچەپێنێت، ئەوا مافی جیابوونەوە وەک دواچارە دەناسرێت]... دەبوایە هەر زوو مافی سەربەخۆیی بۆ کورد بەڕەوا ببینیایە!

هەرچی سەبارەت بە ئەمەریکایە؛ لە ساڵانی بزوتنەوەی شێخ سەعید و ڕاپەڕینی دەرسیم؛ ئەوکاتانەی 200 گوند کاولدەکرێن و 15 هەزار سڤیل دەکوژرێن و سەدەها سەردار و گەورەپیاوی ئەوکاتە لەداردەدرێن ((ڕامیارێکی وەک نەهرۆ لە هیندستانەوە داکۆکی لە کورد دەکات)) ڕامیارو مێژوونووسانی ئەمەریکی لەنموونەی (ڕیچارد ڕۆبنسن) هەوڵی جینۆسایدی کورد لە لایەن تورکەوە بە مافی تورکیا بۆ خاوێنکردنەوە لە دزو چەتەو ڕێکخستنەوەی دەوڵەت ناوزەند دەکەن!... دیارە هەڵوێستی ڕامیاریی ئەمەریکا بەدرێژایی مێژوو، پشت بە پراگماتیزمی دیفاکتۆو ئامادەگی و کاریگەریی و بەهێزیی دەوڵەتان دەبەستێت... وە بۆ ئەمەریکا ئەو گەلەی دەوڵەتی نەبێت نەتەوە نییە! بۆیە ئەمڕۆ دەبینین کە هەرچەندە ئەمەریکا بەپێی تاکتیکی (دوژمنی دوژمنەکەم)، هەڵوێستی لەبەرامبەر هەندێک کوردی دەربار گۆڕیوە لەباشوور، بەڵام هێشتا هەر وەک ڕابوردوو بە ستراتیژی بوونی دەوڵەت هەڵوێست هەڵدەگرێت و بۆ ئەمەریکا "کورد و کورد" بەیەک جودان... وە لەڕاستیدا وەک (ڕۆجێس دۆبرێ) بە جوانی شیکاری دەکات؛ لەبەرئەوەی خودی ئەمەریکا مێژووی قووڵی نییە، بۆ ئەو داهاتووی تەکنۆلۆژیا گرنگە... لەبەرئەوەی لەدەوڵەتدا نەتەوەی

دروستکردووه وەهایش دەیناسێنێت... لەبەرئەوەی هەرگیز گەلی ئەمەریکی شەڕی هاوپەیمانێتی دەوڵەت و دێر (کەنیسە) ی نەکردووە "وەک لە ئەوروپا"، بەڵکو بەپێچەوانەوە گەل و دێر و دەوڵەت دژی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی خەباتیان کردووە، ئەوا ئایین پانتاییەکی فراوانی ڕامیاریی ئەمەریکا داگیردەکات...

ئەمە جگە لەوەی کە لەسەردەمی ئیمپریالیزمی نوێدا بەڕابەرایەتی ئەمەریکا، هەروەک ڕابوردوو لەسەردەمی بەریتانیای کۆلۆنیالیست، کە جێگری نیردراوی پایەبەرزی عێراق (مەندوبی سامی) کۆلۆنێل ویلسن دەڵێت: {کوردێک نییە ئامادەیی تێدابێت لەبارەی کوردستانەوە بدوێت، هەمووی لەبری خۆی و ناوچەو خێڵ قسەدەکات، وە هەستی بنەچەیان هەیە نەک نەتەوە}... یاخود وەک (دکتۆر گونتەر دێشنەر) دەگێڕێتەوە؛ لەساڵی 1977 بەدرخان پاشا لە چاوپێکەوتنێکدا گووتویەتی: { لە ساڵی 1919 من و برام وەک نوێنەری کۆمسیۆنی بەریتانی چووینە کوردستان. هاوپەیمانان ئامادەبوون کوردستانێکی سەربەخۆ بسەلمێنن، بەڵام کوردەکان خۆیان نەیانویست لەپشتەوە خەنجەر لە تورکیا بدەن!}... ئەوە خودی کوردە کەتا ئەمڕۆ هەرگیز نەیتوانیوە وەک "جوو ئەرمەن و گەلانی تر" وێنایەکی نەتەوەخوازیی و یەکگرتوویی نمایش بکات... بۆیە سەیر نیە کە دەوڵەتیکی پراگماتیستی وەک ئەمەریکا نەیەوێت ستراتیژەکانی خۆی لەبەر مافەکانی کوردو گەلانی وەک کورد بخاتە گەمەوە... کورد بۆ پرەنسیبی ڕامیاریی ئەمەریکا هێشتا ووردە شتەو نەتەوە نییە!

سەبارەت بە هەڵوێستی گەلانی تری ناوچەکەیش؛ ئەوا هەڵوێست و جیهانبینییان هەروەک سەردەمی (پەیمانی سەعدئابادە)... لەو پەیمانەدا لە 1937، چوار دەوڵەتی (ئێران و عێراق و تورکیاو ئەفغانستان) پەیمانی بەرگریی هاوبەش دژی هێرشی دەرەکی واژوو دەکەن... کۆمیدیاکە لەوێدایە کە کورد وەک دوژمنی دەرەکی دەقەبڵێنن، لەوەش کۆمیدی تر، ئەفغانستانیش واژووی دەکات!

نیشتیمانی کورد، ئەمڕۆ لەهەر کاتێک زیاتر پێویستی بە گیانی نیشتیمانپەروەریی مرۆڤی کوردە... مرۆڤی کورد هەڵگری هەر دیدگاو ئایدۆلۆژیاو میتۆدی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی بێت، پێویستە هەستی نکۆڵی لەخۆکردن و خۆ بەبەرپرس نەزانینی تێدا نەمێنێت...

دەنگۆی هێرشی تورکیا، تەنها پەیوەست نیە بە پارچەیەکی کوردستان، وە دروست نیە ئێمە دۆزی باڵای نیشتیمان بدەین لە مەحەکی دوو زلپارتەکەی باشوور... هەرچۆن ڕاستیش نیە ئەو دۆزە لە پارتێکی وەک (پ.ک.ک) دا بچووکبکرێتەوە... نەگووتە و نالۆژیکە کە ڕاسان و کشانەوەمان زادەی ڕق و خۆشەویستی بن بۆ ئەو پارتە...

من بۆ خۆم لەو باوەڕەدام؛ ئەگەر لە باشوور (پارتی و یەکێتی) سەرەڕای پێشینەیەکی شۆڕشگێڕیی و پێداویستی بوونیان لە ڕابوردوو "دوور لەدوای ڕاپەڕین" ئەگەر بوونیشیان نەبوایە ئەلتەرناتیڤی باشترو دڵسۆزتر فراژوو دەبوو ... بەڵام لام وانیە لە باکوور ئەگەر (پ.ک.ک) سەرەڕای هەموو هەڵەکانی لەگۆڕەپانەکە نەبوایە، ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێرو بەسوود بۆ ڕەوشی کورد لەوێ چێ بوایە!... وەلێ هێشتا هەر نابێت دۆزی باڵا لەودا بچووکبکرێتەوە!

ئەگەر بمەوێت بە وێکچواندنێکی (جۆرج برنادشۆ) گوزارشت لە هەڵوێستی تورکیا بۆ گەریلایەکی پ.ک.ک بکەم دەڵێم: گەریلاکە ئەو پڵنگەیە کە ئەگەر سەربازێک بکوژێت دەڵێن دڕندەیە، بەڵام سەربازێک بیکوژێت دەڵێن وەرزشیی و ئازاییە!

کە تاڵەبانی لە 1992 لەتورکیا سەرۆکی میت و فەرماندەی سووپای پیادە (ئەشرەف بەدلیس) دەبینێت، پێشنیار دەکات کە تورکیاو دوو زلپارتەکەی باکووری عێراق! پ.ک.ک بخەنە سەندویچ!

هەر 1992 کە بارزانی و تاڵەبانی لەتورکیا، ئۆزال ی سەرکۆمار و دیمیرێل ی سەرشالیار دەبینن، دێنەوە هێرش دەکەنە سەر پ.ک.ک...

لە ساڵی 1995 هەردووکیان بەتورکیا دەڵێن: ئامادەین ناوچەکان لە تیرۆرستانی! پ.ک.ک پاکبکەینەوە، بەمەرجێک هاوکاری پارە بکرێین... تورکیا دەڵێت: با جارێ لەناوخۆیان ڕێکبکەون!

(هۆشی مین) دەڵێت: {ئێمە بە گەنم دەچین، هەتا بمانهاڕن سپی تر دەچینەوە}... ئەگەر هەر سەرکردەیەکی کورد ئێستاش هەڵوێست بگۆڕێت و بێتەوە سەر ڕاستە بۆ جوامێریی و هەنگاوی نیشتیمانیانە، لەو باوەڕەدام هەموو گەل لە پشتی بێت...

هیچ نەتەوەیەک هێندەی کورد نرخی ئاشتی نازانێت، هیچ کۆمەڵگایەک هێندەی کۆمەڵگای کوردیی بەلەنگازو کەنەفتی شەڕوشۆڕ نیە... کورد لەسۆنگەی براکوژییەوە لە هەموو گەلێک زیاتر دڵنیایە، کە جەنگ لە باشترین ڕەوشیدا مەزنترین دزە، کات دەدزێت، بەچەند چرکەیەک چەند ساڵێک دەدزێت! بەڵام کە ناچارکراین نابێت لاوازبین... لەپاڵ دبلۆماسیی و تاکتیک و گەمەی پراگماتی، نابێت ستراتیژو پرەنسیب و جوامێری و بەرپرسیارەتی لەبیربکەین... ئەگەر هەر ناچارکراین، ئەوا جەنگێک لەپێناوی ژیاندا... باشترین جێگرەوەی ژیانێکە لە پێناوی هیچدا ! .